# بۆ تەها بەرواری; وەزیری گەنجان، کامە پڕۆژەکانتەو کامە سەنتەری گەنجانە لەگەرمیان؟؟!

دانا ڕزگار

کائینی گەنج لەباشوری کوردستاندا زیندەبەچاڵ و خنکێنراوە لەناو کۆمەڵێ خەسڵەتی چەوتی کۆمەڵگەو سیاسەت، دوو حیزبە سەرەکیەکەی ئەم بەشەی باشور لەزۆر چەمکدا پەیڕەوی چەپڕەوێتی کۆمەڵگەکانی ئەوروپا دەکەن و دیماگۆگێتی ئەوانمان فێردەکەن، بەڵام پەیڕەوی ئەو یاسایانە ناکەن کە لەو کۆمەڵگە ئەوروپیانە دانراون تایبەت بەلاوان! کە پێداویستییەکانی ژیانی بۆ فەراهەمدەکات، لەبەر ئەوەی ئەگەر وا بکرێت؛ ئەوا لەکوێ گەندەڵی بکرێت و داهاتی ئەم گەلە لۆش بکرێت، لەم وڵاتەدا تەنها پیرەکان بۆیان هەیە پارەبخۆن و لاویش پەراوێز دەخرێت، ئەمە ئاخر زەمان نییە"وەزیری لاوان و وەرزش" تەمەنی چل ساڵ و سەروتر بێت!؟ پێم بڵێن لەکام وڵاتی بەناو دیموکراسیشدا شتی وا هەیە؟؟.

وەزیرێك کە تەنها پیشەکەی خۆی ئەنجامدەدات و نازانێ "لاو" چییەو کێیە؟ لەناخی گەنج تێناگات و دەڵێت داواکری زۆرم لێمەکەن کەجارێ هیچیشی لەگەرمیاندا نەکردووە! نازام بۆ؟

ئیتر چۆن دەبێت بکرێت بەوەزیری گەنجان؟

چەند ساڵە بڕیاری لاستیکی دەدرێت بۆ یەکگرتنەوەی حکومەت کەچی هێشتا زووەو بەباشی یەکی نەگرتووتەوە کە ئەڵێی لەسەر تاڵێ قژ وەستاوە، بەڕێز تەها بەرواری وەزیری گەنجانە چەند جارێك لەمیدیاکانەوە ڕایگەیاند کە داواکاری شتی زۆرو زەوەندی لێ نەکرێت و کاری خۆی دەزانێت، ئەمە مانای ئەوەیە یان بەزۆر کراوە بەوەزیر یان ئەم وەزارەتەی تووش بووە وەکو یانیسیب، لەماوەی ڕابردوودا لەتیڤیەوە گوێمان لێ بووەو بینیمانە کەسەنتەری بێلایەنی گەنجان کەحکومەت دروستی کردووەو سەر بەلایەنەکان نییە دامەزراوەو تەنها شریت بڕینەکەی ماوە!

وەکو بەزەقی دیارە لەناوچەکانی سلێمانی و هەولێرو دهۆکداو ...تاد باشترین سەنتەرو بەهەموو پێداویستییەکانییەوە دروست دەکرێن لەبەرچاوی گەنجانی گەرمیان، ئیتر چۆن ئەم گەنجە نەیەتە سەر شەقام و خۆپیشاندان نەکات، ئایا وەزیری گەنجان، گەرمیان بەشێك نییە لەکوردستان؟ یان هەرێمێکی دیکەیەو بەخەڵکی نەزان و سیڤیلیان دادەنێن؟ ئەی بۆ تەنها ناوچەکانی نزیك خۆتان دەبینن؟ گریمان ئەگەر ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بەشێك بوایە لەم باشورە؟ ئەو کات مامەڵەی حکومەت چۆن دەبوو؟ یان مەسەلەکە بەهێزکردنی تەبایی و برایەتی و کوێخاییە؟

خەڵکی گەرمیان هەمیشە خەڵوزی ئاگری شەڕەکان بووەو باکوورتر پێی حەساونەتەوەو بەخۆیانیش نازانن کەئەم گەرمیانە چەند نەهامەتی و ئازاری ڕۆژانی سەختی چەشتووە، گەنجانیش هەمیشە لەپێشەوە لەناوچوونەو بوونەتە قوربانی، ئەمەو چەند دەزگایەك لە2006/8/21ی ئەمساڵ دەیانەوێت خۆپیشاندان سازبکەن لەکاتی دادگایکردنەکەی سەددام و هاوڕێ دۆزەخییەکانی لەشارەکانی گەرمیان، بۆیە لەئێستاوە حیزبەکانی کوردستان ئەیانەوێ ئامادەسازی بکەن بۆ ئەو ڕۆژانە، ئەی باشە دەزگا بەڕێزەکان بۆ ناتوانن خۆپیشاندان ڕێکبخەن بۆ داواکاری خەڵك وگەنجان و خۆتانیش بەسەربەخۆ دادەنێن بەڵام لەوە ناچێت وا بێت، وەلێ مەسەلەی دادگایی کردنی سەددام هیچ گرنگییەکی نییە چونکە سەددام تەنها کێشەی دوجەیلی بەسەردا ساق بووەتەوەو دادگا ئەتوانێ لەناوی بەرێ مەگەر بڵێن بۆ ناساندنی جینۆسایدەکان کە بەسەر کورددا هات، بۆیە بەبڕوای من خەڵکی گەرمیان هیچ پێویستیان بەخۆپیشاندانی لەو جۆرە نییە، چونکە بۆ کێی بکات؟ بۆ وەزیرەکان یان بۆ ئەندامانی پەرلەمان؟ یان بۆ ئەو بەرپرسانەی گیرفانیان پارە ناگرێت و فوول بووە، بۆیە واچاکترە گەنجان بەردەوام ڕووبەڕووی حکومەت بەتایبەتی وەزیری لاوان و وەرزش ببنەوە بۆ داواکارەییەکان.